# من مارینــزی ئەمریکاییم

سەرکەش
a_sarkash@hotmail.com



لەسەر هەر ڕێگاو بانێکدا
منتان بینی
لەسەر هەر ڕێگاو بانێکدا
فلاشی هەممەرەکەم
داگیرسان
ڕێگا بەردەن
ڕێگا چۆلکەن
لەجێی خۆتان
جولەنەکەن
ببنە دارو
ببنە بەردو
ببنە ئاوی شەختە بەستوو



لاشەو
جەستەیەک بن مردوو
تا من دێم و
تێدەپەرم



هەرلەدوورڕا بمناسنەوە
کەمن هاتم
دەستێکم لەسەر پەلاپیتکەی تفەنگە و
دەستێکیشم
وەک و
هێمای ئاگاداری و

ترس و
تۆقاندن و
مەرگ
خێرا خێرا
ڕائەوەشێنم
ڕێگا بەردەن
ڕێگا چۆلکەن
هەلە نەکەن
لەدواوەشڕا
نزیک بن لێم
دەنا ئاگری گوللەی چەکم
باران ئاسا
ڕێژنە دەکا!
من مارینـزی ئەمریکاییم

**ڕێگای هەولێر- کەرکوك-سلێمانی**
**30-07-2006**